# بهێڵە با چەند ساتێك بەئارامی لە نائارامی گەنجیم بدوێم

هاروون مەجید رەزا

لە ئێوارەیەکی سەرلێشواودا کە رەنگی تاریك زاڵتر بوو بەسەر رەنگە رۆشنەکاندا وەك هەموو ئێوارەیەکی تر ، یاخود وەك هەموو کاتەکانی تری ژیان شتەکان لەم ئێوارەیەدا زۆر ئاڵۆز بوون بەشێوەیەك لێك نەگەیشتنێکی پێوە دیار بوو ، منیش بێ ئەوەی لەمانای ئەم تارماییەی ژیان تێ بگەم ن هێدی هێدی ملی رێچکەیەکی کەنار شەقامەکەم گرت و بەرەو ئەو جێگەیە ئەرۆیشتم کە نەمئەزانی کوێیە ، یاخود بڕیارم لەسەر نەدابوو (واتا شوێنێکی نادیار) ، بەڵام لەناکاو چاوم بەگەنجێکی خەیاڵاوی کەوت کە پێ ئەچوو هەموو ژیانی خەیاڵ بێت ، بۆیە ناوم لێنا (گەنجە خەیاڵییەکە) کە دیاربوو پێکهاتەی بەشێك بوو لەئازار ، هەر ئەم گەنجە بەوە ئەچوو تاکە هاوڕێم بێت کە ئەو ئێوارەیە بەرەو (مەنفا) بچێتەوە دوای گفتوگۆیەکی زۆر و یەکتر ناسینمان توانیم کۆمەڵێ پرسیاری ئاڕاستە بکەم ، سەرەتا پرسیم : تۆ کێیت و چیت و چۆن و بۆچی دروست بووی ؟ ئەمەش پرسیاری هەموو ژیانی تاکێکە ، هەناسەیەکی قووڵ بووە یەکەم وشەی وڵامەکەی دوای ئەوە وتی : سەرەتا ئێمە ونیین ، چونکە ئەوەتا بەدوای ماڵە راستەقینەکەماندا ئەگەڕێین کە نایدۆزینەوە ، ئەو ماڵەی کە ئەتوانێت ئێمە بگرێتە خۆی و گوێ بۆ داواکارییەکانمان شل بکات ن لە نزیکەوە ئاگای لە هەستە بێ نەست و بێ نازەکانمان بێت ن کە ئەمەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەرەتای منالییەوە تا ئەو کاتەی کە منالْ ئەبێتەوە بەواتای دووبارە ژیانەوە .

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەگرنگترین شت کرد لە ژیانی خۆیدا ئەویش ئەم وڵامە تازەیە و ئەو پرسیارە کۆنە بوو :

(من کوردستانیم ، یان عێراقیم) ئەگەر کوردستانیم ، بۆ لە عێراق ئەژیم و ئەگەر عێراقیشم ن کوردستان چییە ، لێرەدا ئەوە روون ئەبێتەوە من کێم و میللەتەکەم کێیە ؟ ئەمەو زۆر پرسیاری تر کە هەموو تاکێك لە گەنجی ئەم وڵاتەی ئێمەی بێ هۆش کردووە بەوەی هەتا هەتایە بەڕێی سەفەرەوە بن و حاشا لە بوونی خۆیان بکەن .

خوایە گیان نازانم بۆ لە خۆشم ناگەم ئەترسم لەرێی خوێندنەوە پچڕ پچڕو سەقەتەکەی ئەم وڵاتەدا فێری زمانێکی بووبم کە هەتا ئێستا گوێیەکانم نەیان بیستبێت ئەمەش وای کردووە کە تەنها قسە بکەم بێ ئەوەی ببیستم ، ئەو دیارە بیری چووبووەوە کە کەسێك هاودەمییەتی و لەگەڵی گوزەر ئەکات ئەو کەسەش دیارە کە (منم) و منیش بۆ ئەوەی قسەکانی پێ نەبڕم سەیرێکی چاوەکانیم کرد کە پڕبوون لە بێزاری و بێ تاقەتی و نائومێدی بەرامبەر ئەم ژیانە سەرێکم بۆ لەقاند و بەمەش سەرنجیم بەلای خۆمداراکێشا ن تا بزانێ کەسێك گوێی لێ ئەگرێت . هەر بەدەم جگەرە کێشانەوە ( کەدووکەڵی جگەرەکەی وێنەی گەنجێکی دابڕاو لە حەز و ئارەزووی خۆی نیشان ئەدا ) ئەیوت زۆر سەیرە لەم خاکەدا کە غەرقی سووتەمەنییە ئێستا چاوەڕوانین بەجگەرەکانمان خۆمان بسووتێنین . ئەها .. ئەوەتا من ، تۆ بە پێیەکانمان رێ ئەکەین و بیرمان لای گرانی بەنزین و سووتەمەنییە کە تەنها خاوەن ئۆتۆمبیلەکان ئەتوانن بەکاری بهێنن ، ئەها ئەوەتا بەسەر ئەم شەقامەدا رێئەکەین تروسکەیەك رووناکی نابینین ، زۆر کێشەی تر کە نازمێردرێن ، بۆیە چاکتر وایە هەڵبێین لەدەست هەموو سیاسەتە گەندەڵانەی کە ئەیانەوێت هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە ناچاری هەڵهاتن بێت . (بەتایبەت ئێمەی گەنج) بۆ ئەوەی بێ بەکارهێنانی دەسەڵات ئەم خاکە بکەن بەخاکێکی جوان و بە پیت کە بتوانێت داهاتێکی باش لە پارە بەرهەم بێت ، ئەو لەدرێژەی ئەو قسانەی وا منیش پێش قسەکانی ئەو خەریك بوو سنووری ئەم وڵاتەم ئەبەزاند هەر پاسەوانەکانی سنوور کێشەیەکی زۆریان بۆ دروست کردم ن تا توانیم بپەڕمەوە لەو دیو سنوور تەماشام کرد بەتەنیام ، ئینجا زانیم کە چەند ساتە وەختێکە من لەگەڵ گەنجێتی خۆمدا ئەدوێم .